# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library NO. 19 – 13/4/2011

## له كتێبخانەی گشتیی سلێمانی
## ئامادەیی بێخاڵ و پرۆسەی خوێندنەوە

لەدرێژەی پێشوازیی كتێبخانەی گشتیی سلێمانی لە خوێندنگاو قوتابخانەكانی شاردا، رۆژی ٢٠١١/٤/٥ پێشوازیی كرا لە خوێندكارانی قۆناغی دەیەمی ئامادەیی بێخاڵی كچان، دوای گەشتی خوێندكاران و ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئامادەیی ناوبراو بە بەشەكانی كتێبخانەداو ئاشنابوون بە تایبەتمەندی هەر بەشە، لە هۆڵی (دیلان)ی كتێبخانە سیمینارێك بۆ خوێندكارەكان سازكراو تیایدا بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی (جێگری بەڕێوەبەری كتێبخانە) باسێكی سەبارەت (پرۆسەی خوێندنەوەو ئامانجەكانی) پێشكەش بە ئامادەبووان كردو دواجاریش وەڵامی پرسیارەكانیانی دایەوە.

### چاپكراوی نوێ
## ژنانی شێوەكار لە باشووری كوردستان



**راستی**

لەم رۆژانەدا، چاپكراوێكی تری ناوازەی رۆژنامەنووس و هونەرمەند بەختیار سەعید بەناوی (ژنانی شێوەكار لە باشووری كوردستان) گەیشتە كتێبخانەی كوردی.

ئەم كتێبە كە لە چاپێكی هونەریی رەنگینداو لە (١٣٥) لاپەڕەدا لەلایەن یەكێتی ژنانی كوردستانەوە لە چاپدراوە، ژیننامەو وێنەو هەڵبژاردەی بەرهەمی هونەریی ژمارەیەكی زۆر لە ژنە شێوەكارەكانی سەرجەم شارەكانی كوردستانی گرتووەتەخۆ.

ئامادەكاری ئەم رێبەرە هونەرییە (بەختیار سەعید) لە پێشەكیدا دەڵێت "جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك هەر میللەتێكی تر شانازی بەكارو بەرهەمە دانسقەكانی ژنانی وڵاتو میللەتەكەمانەوە بكەین و بیانكەنە پاسپۆرتێك بۆ شانازی كردنی هونەری شێوەكاریی لە باشووری كوردستاندا".

شایانی وتنە، ئەم رێبەرە بەسەركردنەوەیەكی گرنگە بۆ ژنە هونەرمەندەكانی كورد، ئەوانەی هەر لە شەستەكانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ خزمەتی بەرچاویان بە بزاڤی هونەری شێوەكاری كوردی گەیاندووە.



تابلۆیەكی هونەرمەند نیان عوسمان

## له سعودیه ئامێرێك بۆ فرۆشتنی كتێب

**القبس**

بۆ یەكەمین جار، لەسعودیە لەلایەن ژمارەیەك لە خانمانەوە پرۆژەی فرۆشتنی میكانیكی كتێب كەوتە جێبەجێكردن و مەبەستیش لەمە هاندانی خوێندنەوەو هێنانە كایەی نەریتێكی چێژبەخشە.

راگری كۆلێژی (دار الحكمة)ی كچان لە جدة رایگەیاندوە "كەمبوونەوەی دیاردەی خوێندنەوە لای گەنجان بەهۆی شۆڕشی تەكنەلۆجیاوە، وایكردوە بیر لەم پرۆژەیە بكەینەوە تاوەكو هانی خوێنەر بدرێت بۆ خوێندنەوەی زیاتر".

ئەم ئامێرە لای گەنجان پێشوازیی لێكراوەو ئەو وڵاتە وا بەنیازە لەم جۆرە ئامێرە لە سەرجەم زانكۆو خوێندنگاو بازاڕەكاندا دابنرێت تا پرۆسەی خوێندنەوە وەك پێویست بێت.




## هونەری رێكخستنی كتێب

**ئا. بێستون فەرهاد**

دەمانچە، گوڵ، كورسی، یانیش شتومەكی ئەبستراكت... لە سەردەمی بە دیجیتاڵكردنی كتێبدا، ئایا كتێب ژیانێكی دیكەی پێدەبەخشرێ؟

هونەرمەندان ئیلهامیان بۆ هاتووە كە كاری هونەریی نوێ و سەردەمیانە پێشكەش بكەن. ئەوەتا هونەرمەندی ئەمریكی رۆبەرت زنجیرەیەك كتێبی لەسەر شێوەی دەمانچە دروستكردووە. لەمبارەیەوە دەڵێ: "هەموو ئەو كتێبانەی بەكارمهێناون بریتین لەو كتێبانەی كە رۆژانە فڕێدەدرێن و وەك پاشماوە لەقەڵەم دەدرێن:".

لێرەدا بیرۆكەی ئەو هونەرمەندەمان بۆ دەردەكەوێت كە چۆن ژیانێكی دیكەی بۆ ئەو كتێبانە دابینكردووەو لە تیاچووندا رزگاریكردوون. بۆ ئەم كارەیشی، رۆبەرت دەڵێ كە سوودی لە بزووتنەوە هونەرییەكانی وەك ئینتباعییەتی ئەبستراكت، دادایی و سوریالی وەرگرتووە.






جیم رۆزانۆ هونەرمەندێكی دیكەیە كە كتێبی كۆن و فڕێدراوی كردۆتە هونەرێكی نوێ. ئەو لێرەدا زیاتر بەلای شتومەكی رۆژانەی وەك كورسی و مێزو ئینجانەی گوڵ و شتی دیكەدا رۆیشتەوەو یەكێك لە كارەكانیشی بریتییە لە رەفەیەكی كتێب كە نرخەكەی لەنێوان ٥٠ تا ١٠٠ دۆلارە.

سەرچاوە:

لو مۆند – شوباتی ٢٠١١

## خوێندنەوەی منداڵان لە بەریتانیا



**اليوم السابع**

شارەزای پەروەردەیی بەریتانی (مایكل جوف) جەختی لەسەر ئەوە كردوەتەوە كە پێویستە منداڵی ١١ساڵان، لە ساڵێكدا ٥٠ كتێب بخوێنێتەوە.

رۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی لەسەر زمانی ئەو شارەزایەوە وتویەتی: پێویستە منداڵان بەلای كەمەوە لە هەفتەیەكدا كتێبێك بخوێنێتەوە تا ژیریی روو لە گەشەكردن بێت، هەرچۆن ئاماژە بەوەش كراوە كە پێشنیازی پسپۆڕەكە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا لە بەریتانیا جێبەجێ دەكرێت.

## كتێبخانەی قوتابخانەی حەمدی بنەڕەتی
## سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ قوتابیان و مامۆستایان



**ئا. تابان حەسەن**

قوتابخانەی حەمدی بنەڕەتی ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی دامەزراوە، ئەم قوتابخانەیە كتێبخانەیەكی گرتۆتەخۆ و ساڵی ٢٠٠٧ كراوەتەوەو كۆمەڵێك كتێب و گۆڤاری بە زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی گرتۆتەخۆ، بابەتی كتێبەكان زیاتر (زانست و ئاین و فەلسەفەو هونەرو مێژوو جوگرافیاو وەرزش و ئەدەب و سیاسی و یاداشت)ن و ژمارەی كتێب و گۆڤارەكانی ئەم كتێبخانەیە (٢٠١٦ )ن، هەروەها سێ كارمەند بۆ هەردوو دەوامەكە تەرخانن ئەوانیش (شادە ئەنوەرو دڵخواز كەریم و عەزیمە ئەبوبەكر)ن كە دوو خولی تایبەت بەكتێبخانەیان بینیوە.

خاتوو شادە ئەنوەر لێپرسراوی كتێبخانەكە وتی: سەرچاوەكان لەناو كۆمپیوتەردا تۆماركراون و خشتەی تۆمار بەهەر سێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی تۆماركراون و پۆلێنی كتێبەكان لەسەر رێسای پۆلێنی دیوی كراون. سەرچاوەكان بەكڕین لە پێشانگاكان یان بەدیاری لەلایەن خانەی سمۆرەو بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەو خانەی وەرگێڕان بەدەستمان دەگات.

هەروەها وتی: بەردەوام قوتابیان سەردانی كتێبخانەكە دەكەن، دوو جۆر خواستنمان هەیە لەم كتێبخانەیەدا، ئەوانیش خواستنی (ناوخۆیی و دەرەكی)ن، مامۆستایان لەكاتی پشووی وانەكان، یان لەكاتی تەواوبوونی وانەی رۆژانەدا، قوتابییەكان دەهێننە كتێبخانەكە بۆ خوێندنەوەی كتێب و گۆڤارەكان. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا كە دوو ساڵە لەسەر ئاستی خوێندنگاكان پلەی یەكەم، واتا(نایاب) یان بەدەستهێناوە.

كتێبخانەكە بڵاوكراوەیەكی ئەدەبی بۆ قوتابیانی قوتابخانەكە بڵاوكردۆتەوە كە بریتییە لە كۆمەڵێك چیرۆك و هۆنراوەی قوتابیان.

### جوانترین كتێبخانەكانی جیهان
## كتێبخانەی سنتگال سویسرا

**ئا. رۆژان سەیفور**

كتێبخانەی (سنتگال) لە سویسرا لەلایەن (سنت ئاتمار)ەوە دروستكراوەو زیاتر لە ٢١٠٠ دەستنووسی مێژوویی سەدەی هەشتەم تا سەدەی پانزەیەمی تیادا پارێزراوە.



سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
راوێژكاران: ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید
ستافی كارا: محەمەد كەریم ـ تابان حەسەن
نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد
تایپ و هەڵەبڕی: بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین
كارگێڕی: ئاشتی عوسمان دانش

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، كتێبخانەی گشتی
ت: ٣٢٠٢٧١٦ - ٠٧٧١١٥٥٥٥٩٩
Email: asoyktebkhana@yahoo.com